حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٨٤٢٤
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ كوردی
خەرمانان

العدد :
التاريخ : ٩ / ٧ / ٢٠٢٤

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وزارة المالية والاقتصاد

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی /٢٠٢٤

ئاماژە بە کۆنوسی لێژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢٤/٧/٢ پێتان ڕادەگەیەنین خەرج کردنی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران تایبەت بە شاند و سەفەر بۆ پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە سنوری عیراقی فیدراڵ پەیڕەوی ئەم ڕێنماییە دەکرێت کە سەرجەم فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی و سەربازیش دەگرێتەوە :ـ

**یەکەم / پۆلینەکان :ـ**

**پۆلینی یەکەم /** وەزیرە بەڕێزەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان گروپی (A).

**پۆلینی دووەم /** بریکاری وەزارەت و خاوەن پلە تایبەتەکان کروپی (B).

**پۆلینی سێ یەم /** فەرمانبەران و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی (یەکەم و دووەم و سێ یەم ) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێیی موچە .

**پۆلینی چوارەم /** فەرمانبەران و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی (چوارەم بەرەو خوارەوە) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێیی موچە .

**دووەم / کرێ ی گواستنەوە :ـ**

**پۆلینی یەکەم /** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن .

**پۆلینی دووەم /** کرێ ی ئۆتۆمبێلێکی تەواو بۆ چون و گەڕانەوە .

**پۆلینی سێ یەم /** کرێی سێ کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چون و گەڕانەوە .

**پۆلینی چوارەم/** کرێی دوو کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چوون و گەڕانەوە بۆ پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەگەڵ نەقیب و ئەفسەرەکان و یەک کورسی بۆ پلەکانی خوارتر.

**سێ یەم /**

**١- دەرماڵەی نیشتەجێ بوون :ـ**

**پۆلینی یەکەم/** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**پۆلینی دووەم/** تا بڕی (٢٥٠ ٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێی پسوولە.

**پۆلینی سێیەم/** تا بڕی (١٥٠ ٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێ ی پسوولە.

**پۆلینی چوارەم/** تا بڕی (١٠٠ ٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێ ی پسوولە .

Address-Erbil Beside Parliament
www.gov.kurd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd

ژمارە: ٧/٢٤
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٤ كوردی

العدد:
التأريخ: ٧/٢ / ٧ / ٢٠٢٤

**٢- دەرماڵەی خواردن و گیرفان :-**

**پۆلینی یەکەم/** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**پۆلینی دووەم /** خواردن بە پێ ی پسووله + (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار گیرفان .

**پۆلینی سێ یەم/** خواردن بە بڕی (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار بڕاوه بەبێ پسوله + بڕی (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار گیرفان .

**پۆلینی چوارەم/** خواردن بە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بڕاوه بەبێ پسوله + بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار گیرفان .

**چوارەم // ڕێسا گشتییەکان :-**

١- دەبێ فەرمانی وەزاری یان کارگێری پێش وەخت دەربچێ بۆ ئەو ئیفاد کردنە و جۆری کارەکەی تێدا دیاری بکرێ و واژووی ئەو فەرمانگەی لە سەر بێت کە شاندەکەی بۆ دەکات و جگە لەو حاڵەتانەی لە ناکاو دروست دەبێت و واژووی ئەو فەرمانگەیەی لە سەر بێت کە شاندی بۆ دەکات .

٢- دەبێ ڕۆژانی ئیفاد کردنەکە پێش وەخت دیاری بکرێ کە بۆ چەند ڕۆژ ئیفاد کراوە جگە لەو حاڵەتانەی ناکرێت دیاری بکرێت .

٣- ئەو فەرمانبەرەی کە ئیفاد دەکرێ بۆ کارێکی پێویست هەر هەمان ڕۆژیش دەگەڕێتەوە دەبێ تەنها دەرماڵەی گیرفان و خواردنی بۆ خەرج بکرێ کە لە خاڵی (٢) ی بڕگەی سێ یەم هاتووە لەگەڵ کرێ ی ئۆتۆمبێل بۆ دووسەر ، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبێلی میری بەکار هێنا ئەوا کرێ ی ئۆتۆمبێلی بۆ خەرج ناکرێت ، ئەگەر شاندەکە بە فڕۆکە ئەنجام درا ئەوا بەپێی پلیتی فڕۆکە کرێی هاتوچۆکەی بۆ خەرج دەکرێت بۆ هەردوو سەر .

٤- ئەگەر ئەو کەسەی کە ئیفاد دەکرێت لەگەڵ خۆیدا پێداویستی و شتی میری ی بگوازێتەوە پارەی گواستنەوەی بۆ خەرج دەکرێت .

٥- دەبێ لەسەر نێردراو (الموفد) گشت لیستەکانی تایبەت بە خەرج کردنی دەرماڵە پێشکەش بکات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری دەست بەکاربوونی لە کارەکەی و ڕێژەی (٢٥%) لەو کرێیانە کەم دەکرێتەوە ئەگەر دواکەوت لە پێشکەش کردنیان تا ماوەی (٦٠) ڕۆژ و هەروەها کەمکردنەوەی ڕێژەی (٥٠%) لە بڕی لیست کە پێشکەشی دەکات دوای ماوەی (٦٠) ڕۆژ ، ئەگەر لە دوای سێ مانگ پێشکەش کرا و هۆی ڕەوای لەگەڵدا نەبێت خەرج ناکرێت بەڵام وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕەزامەندی بدات لە سەر خەرج کردنی ئەگەر پاساوی یاسایی هەبێت.

٦- بۆ ئەوانەی کە بەشداری دەکەن لە خول یان هەر کارێکی تر بۆ ماوەیەکی درێژ تاکو ماوەی (١٠) ڕۆژ بەپێ ی ئەم ڕێنماییە شایستە داراییەکانیان بۆ هەژمار بکرێت و بۆ زیاتر لەم ماوەیە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە .

ژمارە : ٧٧٤
ڕێکەوت: خەرمانان / ٢٧٢٤ كوردی

العدد :
التأريخ: / ٧ / ٢٠٢٤

-٧ بۆ خەرج کردنی کرێی نیشتەجێبون بۆ ئەو شوێنانەی کە دورن (النائية) و ئوتێلی تیدا نیە شایستە داراییەکانیان بۆ خەرج دەکرێت بەپێی پسولەیان و بە ڕێژەی (٥٠%) دەرماڵەی نیشتەجێبونیان بۆ خەرج دەکرێت .

-٨ لە کاتی شاندکردنی فەرمانبەر لە هەر پۆلینێك بێت لەگەڵ پۆلینی سەروی خۆی هەمان شایستە داراییەکان لە خواردن و نیشتەجێبون بۆی خەرج دەکرێت وەکو ئەو بەرپرسەی کە لەگەڵی شاند دەکرێت .

-٩ لە کاتی شاندکردنی فەرمانبەری گرێبەست بەپێ ی پۆلینی چوارەم شایستە داراییەکانی بۆ خەرج دەکرێت .

-١٠ ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ٧ / ٢٠٢٤

وێنەیەک بۆ:-

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی وەزیران / سکرتارییەتی ئەنجوومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی.. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.. لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت/ بۆ جێ بە جێ کردنی کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , (١ , ٢ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بە جێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دوسیەی سوڕاو / سیستەم لەگەڵ سەرەتاکان .

س-٢٠٢٣/٧/١٤

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-Erbil Beside Parliament
www.gov.kurd